# نزای: ( اللهم إني أسألك فعل الخيرات، وترك المنكرات، وحب المساكين، وأن تغفر لي وترحمني، وإذا أردت فتنة في قوم فتوفني غير مفتون، وأسألك حبك وحب من يحبك، وحب عمل يقرب إلى حبك )

له موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: سەرلەبەیانیەک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەماڵەوەدا مایەوە ونەهاتە دەرەوە بۆئەوەی نوێژی بەیانی بکات هەتاوەکو خۆر دەرچوون نزیک بووەوە، بەپەلە هاتە دەرەوە وپێشنوێژی بۆمان کرد، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی کرد ونوێژەکەی پوخت کردەوە، پاش ئەوەی سەلامی دایەوە؛ پێمانی فەرموو: «وەکو حاڵەتی خۆتان لە شوێنی خۆتان بمێننەوە»، وپاشان ئاوڕی بۆ لای ئێمە دایەوە وفەرمووی: «هۆکاری دواکەوتنم لەم بەیانیەدا بە ئێوە دەڵێم: شەو هەستام ودەستنوێژم گرت ونوێژم کرد هەرچەندێک خودا بیەوێت، خەوم هات لە کاتی نوێژدا؛ بۆیە خەوێکی قورس خەوتم، خودای بەرز وپیرۆزم بینی لە جوانترین شێوەدا، فەرمووی: «ئەی موحەمەد، ووتم: لە گوێڕایەڵی تۆ دام ئەی پەروەردگار، (خودا) فەرمووی: ئایا دەزانی ئەوانەی لە سەرەوەی ئاسمانەکان کۆبوونەتەوە (فریشتەکان) گفتوگۆ سەبارەت بە چی دەکەن؟ ووتم: نازانم، ئەی پەروەردگار، سێ جار ئەمەی فەرموو، (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت): بینیم ناولەپی خستە نێو شانەکانم هەتاوەکو هەستم بە ساردی پەنجەکانی کرد لە سینگمدا، پاشان هەموو شتێکم بۆ ڕوون بوویەوە وزانستم سەبارەتیان هەبوو، فەرمووی: ئەی موحەمەد، ووتم: لە گوێڕایەڵی تۆ دام ئەی پەروەردگار، فەرمووی: ئایا دەزانی ئەوانەی لە سەرەوەی ئاسمانەکان کۆبوونەتەوە (فریشتەکان) گفتوگۆ سەبارەت بە چی دەکەن؟ ووتم: سەبارەت بە کەفارەتەکان (ئەو شتانەی دەبنە هۆی لێخۆشبوون لە تاوان وگوناهەکان)، فەرمووی: ئەوانە چین؟ ووتم: ڕۆیشتن لەسەر پێیەکان بۆ (نوێژە بە) کۆمەڵەکان، ودانیشتن لە مزگەوتەکان لە پاش نوێژەکان، ودەستنوێژگرتن -بە ڕێکی وجوانی- لە کاتی ناڕەحەتیدا، (پەروەردگار) فەرمووی: پاشان سەبارەت بە چی (گفتوگۆیان دەکرد)؟ ووتم: بەخشی خۆراک (بە هەژار وپێویستان)، ونەرمونیانی لە قسەدا، ونوێژکردن لە شەودا لەکاتێکدا خەڵکی نوستوون. (پەروەردگار) فەرمووی: داوا بکە؟ ووتم: (للهم إني أسألك فِعْلَ الخيرات، وتَرْكَ المنكرات، وحبَّ المساكين، وأن تغفر لي وترحمني، وإذا أردتَ فتنةً في قوم فتوفَّني غير مفتون، وأسألُك حبَّك وحبَّ مَن يحبُّك، وحبَّ عَمَلٍ يُقرِّب إلى حبِّك)*، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەم وشانە هەق وڕاستین بۆیە بیانخوێن وپاشان فێریان ببن». *(واتە: خودایە، من داوای: ئەنجامدانی کردەوە خێر وچاکەکان، ودووربوون کردەوە شەڕ وخراپەکان، وخۆشویستنی هەژارەکانت لە تۆ دەکەم، وداوا لە تۆ دەکەم لێم خۆش بیت وڕەحمم پێبکەیت، وئەگەر ویستت خەڵکانێک تاقی بکەیتەوە -لە بیروباوەڕیاندا- من بمرێنە وبەو فیتنەیە تاقیم مەکەرەوە، وداوا لە تۆ دەکەم کە منت خۆش بوێت، وئەوانەم خۆش بوێت کە تۆیان خۆش دەوێت، وئەو کردەوانەم خۆش بوێت کە (لە خۆشەویستی تۆ زیاتر نزیکم دەکەنەوە

[صەحیحە] [تورموزی گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەیانیەکیان دواکەوت لە دەرچوون بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، هەتاوەکو نزیک بوو لەوەی خۆر دەربچێت، بۆیە بەخێرایی هات بۆ لایان، وفەرمانیکرد بە ئەنجامدانی نوێژ، وپێشنوێژی بۆیان کرد ونوێژەکەی پوخت کردەوە، وکاتێک نوێژەکە تەواو بوو، فەرمانیکرد بەوەی لە شوێنی خۆیان بمێننەوە ونەڕۆن، وپاشان هۆکاری دواکەوتنی بۆ نوێژی بەیانی ڕوونکردەوە، شەو هەستا ودەستنوێژی گرت، وپاشان بە پێی ویستی خوای گەورە چەند ڕکاتێک نوێژی کرد، وپاش ئەوە خەوت، وخوای گەورەی بینی لە خەودا لەسەر جوانترین شێوە،

ویەروەردگار پرسیاری لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کرد: فریشتە نزیکەکان گفتوگۆ سەبارەت بە چی دەکەن؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: نازانم، ئەم پرسیار و وەڵامە سێ جار دووبارە بوویەوە، پاشان خوای گەورە ناو لەپی خستە نێوان شانەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەتاوەکو پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەستی بە ساردی پەنجەکانی کرد لە سینگیدا، وئەم وەسفەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەسفێکی هەق وڕاستیە، پێویستە مرۆڤ باوەڕی هەبێت بە بێ چواندنی بە هیچ شت وکەسێک، وهەرکەسێک نەیتوانی لەمە تێبگات ئەوا وەکو ئەو زانایانە بێت کە خوای گەورە وەسفیانی کردووە ودەفەرموێت: {وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلْعِلْمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا} [ال عمران: 7] واتە: {ئەوانەی دامەزراون لە زانینی عیلمی شەرعیدا ئەڵێن ئێمە بڕوامان هێناوە بە (موتەشابیهەکان) هەمووی لە پەروەردگارمانەوەیە} ونابێتە بیر لە شتێک بکاتەوە کە زانستی سەبارەتی نەبێت وئەقڵی ناتوانێت لێی تێبگات هەرچەندە هەوڵ بدات چونکە ئەقڵ وبیرکردنەوەی مرۆڤیش سنووری دیاریکراوی هەیە هەروەکو ئەندامەکانی تر، چونکە لەوەیە بەهۆی ئەمەوە تیا بچێت، هەرچەندە ئیمانداران شتێک ببیستن وەکو ئەم بابەتانە دەڵێن: ئەم هەواڵە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی باسیکردووە وباوەڕمان پێیەتی و بەهۆی ئەم باوەڕبوونەوە ئیمانیان زیاد دەکات وزیاتر ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە دەبن، کاتێک خوای گەورە ناولەپی خستە نێو شانەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەموو شتێکی بۆ ڕوون بوویەوە و زانستی بەدەستهێنا سەبارەت بە وەڵامەکەی، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: گفتوگۆ دەکەن سەبارەت بە ئەو کردەوانەی کە دەبێتە هۆی لێخۆشبوونی تاوانەکان، وهەروەها گفتوگۆیان سەبارەت بە جێگیربوونی ئەو کردەوانە وبەرزکردنەوەیانە بەرەو ئاسمان، یان باسی پلە وفەزڵی ئەو کردەوانە دەکەن، ولەو کردەوانەش کە دەبنە هۆی لێخۆشبوون لە تاوان وگوناهەکان: چوون بۆ نوێژە جەماعەتەکان، ودانیشتن لە مزگەوت لە پاش نوێژەکان لە مزگەوتدا بۆ یادی خوای گەورە وخوێندنەوەی قورئان وفێربوون وفێرکردنی زانستی شەرعی، وهەروەها لەو کردەوانەش: بە جوانی وڕێکی دەستنوێژگرتن لە کاتی سەرما وناڕەحەتیدا، وپاشان پەروەردگار فەرمووی: پاشان فریشتە نزیکەکان گفتوگۆ سەبارەت بە چی دەکەن؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: بەخشینی خواردن بە هەژارەکان، قسەکردن بە نەرم ونیانی لەگەڵ خەڵکی، و شەونوێژکردن لە کاتێکدا خەڵکی نوستوون، خوای گەورە بە پێغەمبەری فەرموو -صلی الله علیه وسلم- : هەرشتێکت دەوێت داوای بکە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- داوای لە خوای گەورە کرد بۆئەوەی سەرکەوتووی بکات بۆ ئەنجامدانی کردەوە خێر وچاکەکان، ودووربوون لە کردەوە شەڕ وخراپەکان، وخۆشویستنی هەژارەکان، ولێی خۆش بێت وڕەحمی پێبکات، وئەگەر ویستی خەڵکانێک تاقی بکاتەوە -لە بیروباوەڕیاندا وگومڕایان بکات- بیمرێنێت وبەو فیتنەیە تاقی نەکاتەوە وگومڕا نەبێت، وڕزقی خۆشویستنی خوای گەورە پێببەخشێت وئەوانەی خۆش بوێت کە ئەو زاتە مەزنەیان خۆش دەوێت، وئەو کردەوانەی خۆش بوێت کە لە خۆشەویستی خوای گەورە زیاتر نزیکی دەکەنەوە، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە هاوەڵانی فەرموو ئەم خەونە هەق وڕاستییە، وفەرمانی پێیانکرد بەوەی فێری ببن وخەڵکی فێر واتا وحوکمەکانی بکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6332

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee